# پلاتفۆرمێك بۆ دیمۆكراسی لە ئێران

## (پەسندکراوی کۆنفرانسی هەشتەمی کۆمەڵە
## مانگی پووشپەڕی ١٣٨٢، ژوئیەی ٢٠٠٣)

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە «ولایت فقیە» رابەریەتی، زیاتر لە جاران سەنگ و شەرعییەتی خۆی لە دەست داوە. نەك هەر لە لای رووناکبیران و نوخبەکانی کۆمەڵ لە ناوخۆی ئێران، بەڵکوو لە بەرچاوی جەماوەری بەرینی خەڵکیش ئایدۆلۆژیی ئیسلامی سیاسی لە بوواری فیکری و سیاسیدا لە حاست بایەخە گشتییەکانی سێکولاریزم و دێمۆکراسیخوازی کاڵ بووەتەوە و تووشی شکستی گەورە بووە. «مەردمسالاریی دینی»، وەك هەوڵێك بۆ هینانە گۆڕی خوێندنەوەیەکی تازەی دەسەڵاتدارەتیی دینی بەرانبەر بە بنیادگەرایی تالیبانئاسای لایەنگرانی سەرسەختی ولایت فقیە، وەك زەمینەی نەزەریی بزووتنەوەی سیاسیی دووی جۆزەردان هێنرایە گۆڕ، بەڵام قووڵبوونەوەی بزووتنەوەی دێمۆکراسی، ئەم خوێندنەوە نیوەچڵ و ناتەواوەشی لە ڕەونەق خستووە و بازنەی ڕەواجی ئەم بۆچوونەی لە ناو کۆمەڵدا و تەنانەت لە ناو بزووتنەوەی خوێندکاراندا کە هەڵگر و پشتیوانی بوو، گەلێك تەسك کردۆتەوە.

سەرەڕۆیی دینیی ویلایەتی فەقیە، لە بەرانبەر تەوژمی گۆڕانخوازی و ناڕەزایەتیدا داماو و زەمینگیر بووە. ویستی گۆڕانی سیستەمی سیاسی لە ئێران، لە ناوخۆی ئێران ڕۆژ بەڕۆژ بە دروشمی راشکاوانەتر باسی دەکرێ و، باسی گۆڕینی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هەتا دێ زیاتر لە بازنەی کەسانی نوخبەی سیاسی و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی لایەنگری ڕووخانی ڕژیم دەترازێ و دەچێتە ناو دەستووری کاری بزووتنەوەی ئیعتیرازیی جەماوەرەوە.

گوشاری خەباتی ناوخۆ، ناڕەزایەتیی یەکجار زۆری خەڵك و، بێ شەرعییەت بوونی ڕژیم لە بەرچاوی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئێران، سستبوونی جێگەپێی ڕژیم لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەییدا، بەشێك بە هۆی ڕووخانی ڕژیمی دیکتاتۆری سەددام حوسێن لە عیراق و بوونی هێزەکانی ئەمریکا و بریتانیا لەو وڵاتە، تاقمی دەسەڵاتداری ئێرانی زیاتر لە جاران تووشی لاوازی و پرژوبڵاوی و چەندبەرەکی کردووە و مەیدانی خۆدەرخستنی سیاسی لا تەنگەبەرتر کردووەتەوە. لەم وەزعەدا نەك هەر خەڵك، بەڵکوو بەشێك لە دەسەڵاتدارانیش متمانە و باوەڕیان بە ئیمکانی بەردەوامبوونی ئەم دۆخەی ئێستا لە دەستداوە.

بە هەموو ئەوانەشەوە، لە بەر هۆی جۆراوجۆر، نە لە باری نەزەرییەوە و نە بە مانا سیاسییەکەی، بزووتنەوەی ئیعترازیی خەڵك خۆی لە داخوازی ڕوون و ئاشکرادا بەیان نەکردووە و هێشتا نەیتوانیوە لە بازنەی چەمکە گشتییەکانی پەیوەندیدار بە دێمۆکراسی و یان کۆمارێکی نادینی واوەتر بچێ.

بۆ جەماوەر و بە تایبەت بۆ ئەو کەسانەی هێشتا بیرەوەریی بە تاڵانچوونی راپەڕینەکەیان لە دژی پاشایەتی لە لا زیندووە، ئەم پرسیارە سەرەکییە کە دوای ڕووخانی ڕژیم و گۆڕانی ساختاری سیاسی، چ حکوومەتێك دێتە سەرکار و

داخوازە بنەڕەتییەکانی پەیوەندیدار بە ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە چییان بەسەر دێ و چۆن بە کردەوە زەمانەت دەکرێن، جێگایەکی گەلێك گرنگی هەیە.

لە بزووتنەوەی خەڵکی ئێراندا لە دژی سەرەڕۆیی پاشایەتی، هەموو شتێك بە خێراییەکی سەرسووڕهێنەر چووە پێش و بە خۆشبینییەکی لە رادەبەدەری هەتا ئاستی بێدەربەستی، هەموو شتێك حەواڵەی داهاتووی دوای رووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی دەکرا. لە بەرانبەردا، بزووتنەوەی ئێستا لە دژی سەرەڕۆیی ویلایەتی فەقیە بە پارێزەوە هەنگاو هەڵدەگرێ و مەبەستییەتی بە شێوەیەکی هەرچی روونتر داهاتووی خۆی دیاری بکا.

گەرچی هەرکام لە حیزبە سیاسییەکان و رەوتە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵدا دەیانەوێ بەرنامەی دڵخوازی خۆیان بێننە دی، بەڵام خاڵێك هەیە کە پێویستە بۆ هەمووان روون و ئاشکرا بێ و ئەویش ئەوەیە کە مەسەلەی سەرەکیی خەباتی گشتیی خەڵکی ئێران لە دژی کۆماری ئیسلامی بریتییە لە بەدەستهێنانی ئازادییە سیاسی_کۆمەڵایەتییەکان و مسۆگەر کردنی دێمۆکراسی.

بە لەبەرچاوگرتنی وەزعی سیاسی و ئەوەیکە باوەڕی گشتی وایە کە ئەم دۆخەی ئێستا ناکرێ بەردەوام بێ، هەروەها بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە چارەنووسی خەڵك دەبێ نەك لە لایەن هێزە دەرەکییەکان بەڵکوو بە ئیرادە و خەباتی خۆیان دیاری بکرێ و ئازادیی راستەقینەی خەڵکی ئێران لە گرەوی بزووتنەوەی سەربەخۆ و وشیاری جەماوەر دایە، کۆبوونەوەی زیاترین هێزەکانی لایەنگری ئازادیی راستەقینە و دێمۆکراسی لە دەوری پلاتفۆرمێك کە ویستی ئازادییە سیاسییەکان بکاتە بنەما و داوایەکی روون و ئاشکرا و بتوانێ وەك جەمسەرێکی بەهێزی دێمۆکراتیك، سەربەخۆ، جەماوەری وپێشرەو، خۆی بە کۆمەڵ بناسێنێ و هەر لە ئێستاوە کاربکاتە سەر پێکهاتن وگرسانی جێنشینی سیاسیی رژیمی ئێستا و چۆنییەتی و ناوەرۆکی ئەو جێنشینە، پێویستییەکی چارەنووسسازی هەیە.

بە بڕوای ئێمە، پلاتفۆرمێکی وا، پێویستە ئەم بنەمایانە بگرێتە خۆی:

١_ جیایی دین لە دەوڵەت. کۆتایی هێنان بە دەسەڵات و دەستێوەردانی دەزگای دینی بەسەر دامەزراوەکانی دادوەری، یاسادانان و فێرکردن و بارهێنان. زەمانەتکردنی ئەم پرەنسیپە لە قانوونی ئەساسیی ئێراندا. یاساکانی ئێران نابێ بە هیچ شتێکی بەدەر لە ئیرادە و خواستی وشیارانەی جەماوەر کە بە شێوەیەکی دێمۆکراتیك وەدی دەهێندرێن، پشت ئەستوور بن.

دین بەتەاوی بە مەسەلەی خوسووسیی شارۆمەندان دادەندرێ. دەوڵەت لەحاست مەزهەبە جۆراوجۆرەکان بێلایەنە و هیچکام لەو مەزهەبانە وەکوو ئایینی رەسمی و دەوڵەتی ناناسرێ. دەزگا دینییەکان بە یارمەتیی دڵخوازانەی پەیڕەوانیان بەڕێوە دەچن. ئازادیی هەموو مەزهەبەکان و ئازادیی نەبوونی هیچ مەزهەبێك.

هیرەمی پلەوپایەی رۆحانییەتی دەسەڵاتدار، کە بە سیستەمی ماڵیات و ئیمکانات و سەرچاوەی تایبەت بە خۆیەوە، بە درێژایی مێژووی هاوچەرخی پێش کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵگای ئێراندا وەك دەوڵەت لە ناو دەوڵەتدا دەوری بینیوە و ئەوا زیاتر لە چارەکە سەدەیەکیشە راستەوخۆ بە ناوی خودا و ئیسلام دەسەڵاتی سیاسی بە تەواوی هێناوەتە بەر چنگی خۆی، دەبێ کارکردە کۆمەڵایەتییەکەی لە بنەڕەتەوە بگۆڕدرێ. رۆحانییەت پێویستە لە حاڵەتی توێژێکی تاقانەی باندەستی یاساوە کە وەڵامدەرەوەی هیچ لێپرسینەوە و چاوەدێرییەك نەبووە بێتە دەر و، وەك شارۆمەندانی ئاساییان لێ بێ کە بەرپرسی کرداری خۆیانن و پەیڕەوی یاساکانی وڵاتن. دەزگا دینییەکان وەك هەموو

دەزگایەکی دیکە لە کۆمەڵدا، لە ژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵی گشتیدا بن و ئەوانەی کاریان تیدا دەکەن، بە مەلاکانیشەوە، پەیڕەوی سیستەمی دیاریکردنی مووچە ومانگانە و حەقدەستەکانی ناو وڵاتەکە بن،ماڵیات بدەن و لە بەر چاوەدێری و لێپرسینەوەی گشتیدا بن.

٢_ ئازادیی ژنان و یەکسانیی هەموو مافەکانیان لە بوواری خوێندن، کار، میرات و مافە کۆمەڵایەتی و خێزانی و تاکە کەسییەکاندا. هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاسا و ڕێسایانە کەمایەی هەڵاواردن و بێمافیی ژنانن و داڕشتنی یاسای وا کە زامنی لەناوبردنی هەموو ئەو هەڵاواردن و سووکایەتییە بن کە لە دژی ژنان بەڕێوە دەچن. دەرهاویشتنی هەموو ئەو بابەتانە لە کتێبەکانی خوێندن کە بە هەر شێوەیەك دژ بە ژنان و پاڵپشتی پیاوەزنی لە کۆمەڵدا و باوکسالاری لە خانەوادە دان. قەدەغەکردنی هەر چەشنە دەخالەت کردنێکی دەوڵەت لە جلوبەرگی ژنان و پیاواندا. بەگشتی دەوڵەت نابێ بە هیچ شێوەیەك وەك "پارێزەری ئەخلاق" خۆی دەرخا.

٣_ ئازادیی بێبەربەست و بێ هەڵاواردن بۆ ئەندێشە و دەربڕین، ئازادیی بیروباوەر و دەربڕینی بە وتن یان بە نووسین، ئازادیی قەڵەم و چاپەمەنی.

٤_ ئازادیی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی، ڕۆشنبیری، پیشەیی، ئازادیی کۆبوونەوە و پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراوی پێشەیی وەك سەندیکای کرێکاری، ڕێکخراوی ژنان، مامۆستایان، خوێندکاران و... .پێکهێنانی ئەم چەشنە ڕێکخراوە و دەزگا جەماوەری و دێمۆکراتیکانە کە پەیوەندیان بە دەوڵەتەوە نییە و ناچار نین بۆ هەڵسووڕانیان ئیجازە وەر بگرن بەڵکوو تەنیا لە پرۆسەیەکی سادەی ئیداریدا بوونی خۆیان بە شێوەی ڕەسمی تۆمار دەکەن، یەکێك لە بنەما گرنگەکانی سەقامگیر بوونی دێمۆکراسییە لە کۆمەڵدا و پێویستە پشتگیری لێ بکرێ.

٥_ دابین کردنی مافی کامڵی شارۆمەندی و ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەی بەرین بە پێی پێوانە پێشکەوتووەکانی ئەمڕۆ. هەر دەسەڵاتێك لە ئێران دەبێ لە هەڵبژاردنی خەڵکەوە سەرچاوە بگرێ، وەڵامدەرەوەی خەڵك بێ و، خەڵك بتوانن بیگۆڕن. گۆڕینی ڕیشەیی سیستەمی دادوەری و کردنی بە نیزامێکی دێمۆکراتیك و لەروو و سەربەخۆ بەپێی پێشکەوتووترین پێوانەکانی ئەمڕۆ. دەستڕاگەیشتنی هەمووان بە ئیمکانی فێربوون، کار و پلە و پایە گشتییەکان و هەروەها دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان، لە مافە سەرەکییەکانی هەمووانە.

٦_ دابین کردنی بەرینترین دێمۆکراسی کە تێیدا پرەنسیپی هەڵبژاردە بوونی هەموو رابەرانی سیاسی و بەڕێوەبەرانی کاروباری مەیدانە گشتییەکانی ژیانی شارۆمەندان وەك شارەدارییەکان و...، بەڕێوە دەچێ. زیادکردن و ئەسپاردنی دەسەڵات بە ئۆرگانە هەڵبژاردە محەللییەکان.

٧_ هەڵوەشاندنەوەی سزای ئیعدام، قەدەغەکردنی هەر چەشنە شکەنجە و ئازار دانێکی زیندانیان چ بە مەبەستی وەرگرتنی ئیعتیراف و زانیاری و، چ بۆ ناچار کردنی کەسەکە بەوەی باوەڕێك قەبووڵ بکا یان دەستی لێ هەڵبگرێ.

دەزگای پۆلیس و زیندانەکان دەبێ لە ژێر چاوەدێریی ئۆرگانە هەڵبژاردەکانی خەڵکدا بن و رۆژنامەکان و دەزگاکانی پەیوەندی گرتنی گشتی بتوانن بە ئاسانی دەستیان پێیان بگا.

٨_ لە بەر پێشینە و تایبەتمەندییە مێژوویی و جوگرافیایی و فەرهەنگییەکانی ئێران و فرەنەتەوە بوونی ئەم وڵاتە، نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی لە سەر گەلانی دانیشتووی ئێران و هەموو گرووپە قەومییەکانی ئەم وڵاتە، یەکێك لە بناغە سەرەکییەکانی دامەزرانی دێمۆکراسییە لە ئێران. گونجاوترین شێوەی بەڕێوە بردنی حکوومەت لە ئێران، بەڕێوەبردنی ناموتەمەرکیزی وڵاتەکەیە لە سەر بنەمای سیستەمی فێدراڵی. لەم ڕێگایەوە مافی دەسەڵاتدارەتیی هەموو

گەلان لە وڵاتەکەدا بەسەر کاروباری ناوخۆیی سەرزەمینە مێژووییەکەیاندا بە رەسمی دەناسرێ، بەشداریی کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتی ناوەندیدا زەمانەت دەکا و مەفهوومی نوێ و دێموکراتیکی شارۆمەندی ئێرانی کە لەسەر بنەمای یەکگرتنی ئازادانە و برایانەی هەموو نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران حاسڵ بووە، بەدی دێت.

کۆنفرانسی هەشتەمی کۆمەڵە لە سەر ئەو باوەڕەیە کە سەرەڕۆییەکی توندوتیژی مەزهەبی کە نزیکەی چارەکە سەدەیەکە ستەم لە خەڵکی ئێران دەکا و تێیدا تەنانەت خوێندنەوەی جیاواز و ئازادانەی حوکمە دینییەکان لە لایەن ئەوانەشەوە کە بڕوایان بە مەزهەبی رەسمیی وڵاتەکە هەیە، تاوانی کفرکردنی دەدرێتە پاڵ و بە زیندان و شکەنجە وەڵامی دەدرێتەوە، زۆر لە خەڵك و تەنانەت زۆر لە پەیڕەوانی مەزهەبی رەسمیی وڵاتەکەشی بەرەو ئەو ئەنجامە بردووە کە جیایی دین لە دەوڵەت قازانجی ئەوانیشی تێدایە. لە بەر ئەوە ئێمە لە سەر ئەو باوەڕەین کە ئێران، کە سەردەمێك ئیلهامبەخشی بنیادگەرایی ئیسلامی لە ناوچەکە بوو، ئەمجار بە کۆڵێك ئەزموونەوە، کە بە قیمەتی گەلێك رەنج و ئازار و قوربانیدان و کارەساتی تاڵی ئینسانی و ماددی و مەعنەوی بە دەست هاتوون، دەتوانێ ببێتە پێشەنگی بزووتنەوەیەکی سێکولار و مەدەنی و دێموکراتیك بە مانای راستەقینە لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی موسوڵمان نشین.

هەر لەم روانگەیەوە کۆنفرانسی هەشتەمی کۆمەڵە، وێڕای پێداگرتنەوەی دووبارە لەسەر پێویستیی هەڵپێچانی کامڵی نیزامی کۆماری ئیسلامی، بە دروشمی «یەکگرتن بۆ دێموکراسی، لە دژی سەرەڕۆیی دینی» داواکاری یەکانگیر کردنی هەوڵەکان و سەرەنجام پێکهاتنی ئیئتیلافێك یان بەرەیەکی پێشکەوتنخواز و دێموکراتیك لە ئێرانە و بانگەوازی هەموو حیزب و کەسایەتییە تێکۆشەر وئازادیخوازەکانی ئێران دەکا کە هەوڵەکانی خۆیان لەم پێناوەدا زیاتر بکەن. کۆمەڵە ئامادەیی خۆی بۆ بەشداری کردن لەم هەوڵانەدا، لەوانە پێکهێنانی کۆبوونەوە و کۆنفرانس بۆ بیروڕا گۆڕینەوە و ئامادە کردنی زەمینە و دابین کردنی پێویستییەکانی ئەو یەکگرتنە رادەگەیەنێ.

---

www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Komala Office in Sulaimania:
Tel: **(0044704)3124711**
Mobile: **00447077537465**